www.kurdistannet.org
18-7-2006 23:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پەیامی یەکیەتیی لاوان ...- کوردستان ... بیری دوکتور قاسملو چرای ڕێگای تێکۆشانمانە!

لە حەڤدەیەمین ساڵیادی تێرۆری ڕێبەری مەزنی نەتەوەکەمان، شەهیدی هەرگیز نەمر دوکتور قاسملو بە دەست دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات هەنگاوێکی بەنرخی لە ڤیەن پێتەختی ئوتریش هەڵێناوە و بە ڕێپێوانێکی بەربڵاو لەو شارە بەحەق ئەو پەیامەی دوکتور قاسملوی کردۆتە ئاوێتەی بیر و مێشکی، کە دەڵێ:"ئەگەر ئێمە وەك ئەو نەسلە ئەرکی سەرشانمان بە چاکی بە جێ بهێنین، دەتوانین هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبێ. "
لاوانی نیشتمان پەروەر و خۆشەویست!
بەشدار بوانی بە ئەمەگی ڕێگای شەهیدان!

ئەمڕۆ لێرە کۆ بووینەتەوە تا بە دەنگی بەرز و دوژمن تۆقێنمان کارەساتی 22ی پوشپەڕی ساڵی 1368ی هەتاوی واتە 13ی جولای 1989ی زایینی پرۆتستۆ بکەین و بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە بەشەر دۆستەکان و هەموو مرۆڤێکی ئازادیخوازی ئەو جیهانە ڕابگەیەنین کە دوکتور قاسملو پێغەمبەری ڕاستەقینەی ئاشتیمان هاوڕێ لە گەڵ کاك عەبدوڵا قادری ئازەر لە سەر مێزی وتووێژ بە دەستی پارێزەرانی جەهل و نەزانی و بە فەرمانی ڕێبەرانی پایە بەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرۆر کرا و بوو بە قوربانی پەیامی ئاشتیخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام بە داخەوە تێرۆریستان لە ساتوسەودایەکی بازرگانی دا لە لایەن حکومەتی ئەوکاتی ئوتریش تەحویلی کۆماری ئیسلامی ئێران درانەوە.
ئێمە لەو ڕێپێوانە مەدەنیانەی ئەوڕۆدا داوا لە حکومەتی ئوتریش و هەمو کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە بەشەر دۆستەکان دەکەین پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملو وەگەڕ خرێتەوە و هەمو دەستوپێوەندیەکانی بەڕێوەبەری ئەو تێرۆرە دڵتەزێنە لە بەرامبەر بیرو رای گشتی جیهانی دا ریسوا بکرێن.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی

دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ کوردستان
22ی پوشپەڕی 1385ی هەتاوی